نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی ڕاگەیاندن

# هەواڵنامەی یونامی

## دەنگی نێردە

ئابی 2009
هەواڵنامەی ژمارە 36



## یەکەم وتاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا




نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە کاتی وتارەکەیدا لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا(وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان/ جێنی ڕۆکێت)



قەڵای هەولێر (نەتەوە یەکگرتووەکان / وێنە ئیحسان بەرزنجی)



منداڵێکی عیراقی کە لە ڕەمەزاندا پاقلاوە دەکڕێت (وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان / زەید فەهمی)

## لەم ژمارەیەدا

یەکەم وتاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا (2)

ڕەمەزان لە عیراقدا (3)

ڕەمەزان لە کەربەلا (4)

دەبا لە ڕۆژی جیهانی مرۆیی هەوڵەکانمان دووقات بکەین بۆ هەڵسانەوە و ئاوەدانکردنەوە (4)

دیمەنی ڕاگەیاندنی لەگۆڕانی عیراق (5)

پاراستنی ڕۆژنامەنوسان و چاودێریکردنی چاپەمەنی بە دزی؟ (6)

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق یادی ڕۆژی مرۆیی جیهانی دەکاتەوە (7)

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد شەشەمین ساڵیادی تەقینەوەکەی ئوتێل کەناڵی بەغداد لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٣دا بەرز ڕادەگرێت (8)

قەڵای هەولێر (9)

ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا کاران - چالاکییەکانی کەرتەکان- ئابی ٢٠٠٩ (10)

گرتە و وتەکان (10)

# یەکەم وتاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا




نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە کاتی وتارەکەیدا لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا(وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان/ جێنی رۆکێت)

نوسینی:رەندە جەمال

بەخستنەرووی ئەو ئاستەنگانەی کە هەن و ئەو ئاراستانەش کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرکردایەتیی ئەو دەیانگرێتە بەر، نوێنەری تایبەتی تازەدامەزراوی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٤ی ئابدا بە ئەنجومەنی ئاسایشی وت کە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئەو چەند بوارە گرنگەی دیاری کردووە کە بە هۆیانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ یارمەتییەکانی خۆی پێشکەش بکات وەك پاڵپشتیکردن لە گەشەپێدانی نیشتمانی و بەهێزکردنی ئارامی و کۆرایی ناوخۆیی و یارمەتیدان لە سەر هاریکاری هەرێمی و جێبەجێکردنی پابەندییەکانی مافەکانی مرۆڤ و فراوانکردنی بەشداریی جیهانی و زیادکردنی بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گوێرەی رێپێدانی ئاسایش و سەرچاوەکان.

بە دەربڕینی گەشبینیشی لەسەر وەدیهاتنی پێشکەوتنەکان (نەخاسمە دەسکەوتە ئاسایشییەکان و شانازیی نیشتمانی بە توانای عیراق بۆ پاراستنی شارەکانی لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩وە)، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت دەستی خستە سەر ئەو بوارانەی کە هێشتاش مایەی رەزامەندی نین وەك توندوتیژییەکی زۆر و هێرشە کوێرانەکان دژی هاوڵاتییانی مەدەنی. ئەو لەمبارەوە وتی "ئەو ماوەیەی دادێت بۆ حکومەتی عیراق و هێزە ئاسایشەکەی ئاستەنگێکی راستەقینەیە کە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر و رێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێویستی بە نیشاندانی سووربوون و شارەزایی هەیە.

شایانی باسیشە، دۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە پێشەوەی کارنامەکەی نوێنەری تایبەتن و هۆیەکەشی زۆر روونە، بە تایبەت لە کاتێکدا کە سێیەکی گەنجی عیراق بێکارن. مێلکەرت بەپشتبەستن بەو ئەزموونەی کە هەیەتی وای بۆ دەچێ کە "... سەرباری قەرز و قەربووودانەوە و وشکەساڵی و خراپی کشتوکاڵ، کورتهێنانی زۆریش لە بودجەدا هەیە و راراییش لە هاتنی وەبەرهێنەراندا دەبینرێت، بەڵام هێشتاش ئارەزووی بەشداریکردن لە وەبەرهێنان لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و یەکرێزیی کۆمەڵایەتیی تەواوی وڵاتدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت."

سەبارەت بە شکۆمەندیی عیراق و دەوری کارای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاشتبوونەوە و هەوڵەکانی گەشەپێدانیشدا، مێلکەرت پەنجەی بۆ یارمەتیدانی "پلانی نیشتمانی عیراقی" راکێشا. بۆ نمونە، ئەو وتی کە بەڵگەکان نیشاندەری ئەوەن کە ئایندەی پرشنگداری عیراق بەندە بە جۆراوجۆرکردنی ئابووری و رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆ دانیشتوان و زیاتر بەتواناکردنی ئەوانەش کە ئەو خزمەتانە پێشکەشدەکەن. ئەو بۆیە وتی "ئەمانە چەند ئامانجێکن کە هەرگیز ناتوانن چاوەڕێی کۆدەنگیی سیاسی بکەن بەڵکوو ئەوان خۆیان دەبنە سەکۆیەك بۆ کۆدەنگی."

سەبارەت بە ئابووریی عیراقیش، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لە پێویستبوونی گواستنەوە کرد لە ئابووری بەنەوتبەستراوی ئێستاوە بۆ کەرتە تایبەتێکی کارا کە بتوانێ هانی بازرگانیکردنی بە هەڵمەت و وەبەرهێنانی جیهانی بدات کە بەردی بناغەی ئارامی و گەشەکردنن.

لەمەش زیاتر، ئەو ئەوەشی نەشاردەوە کە پێشینەکارەکەی لە ناو هەموو ئەوانی تردا بریتی دەبێت لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەو یارمەتییەی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ گەشەپێدان دراوە بە تەواوی هاوڕێکە لەگەڵ "پلانی نیشتمانی عیراقی" و وتیشی "چوارچێوەی یارمەتیی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵەکانی ٢٠١١-٢٠١٤ لەسەر بنەمای پێشینەکارەکانی "پلانی نیشتمانی عیراقی" دادەمەزرێت بە جەختکردنەوە لەسەر تواناسازی و شایانی باسیشە کە رەشنوسی کۆتاییش لە کۆتای ئەمساڵدا تەواو



ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا(وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان/ جێنی رۆکێت)

دەبێت." ئەمە دوای هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمی ٢٠١٠مافی ئیمزاکردن بە حکومەتی عیراق دەدات و بەمەش هەردوو حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو یارمەتیی ئابووری و هاوبەشکاربوونی کۆمەڵایەتی راستەقینە هەنگاو دەنێن.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق پێی داگرت لەسەر گۆڕینی بەرنامەی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بەهاناوەچونی کتوپڕ بۆ پشتگیری گشتگرانە لە کۆمەڵە هەژار و لێقەوماوەکان کە بتوانێ لە سنووری یارمەتیدانی ئاوارە تێپەڕێ. ئەو لەمبارەوە وتی "ئێمە دەتوانین تەنها بە دروستکردنی هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەت لەو شوێنانەی کە شەڕ و هەژاری بوونەتە مایەی کەمکردنەویان و هەروەها بە رەخساندنی کەشێك کە ببێتە مایەی دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و تیمارکردنی دۆخە کۆمەڵایەتییەکان و رەخساندنی هەلومەرجی گەڕانەوە ئەو کارە ئەنجام بدەین."

سەرەرای پشتگیریکردن لە "پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی"ش، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق جەختی لەسەر بەهێزکردنی کۆدەنگیی ناوخۆیی و سەقامگیری و هاوکاریی هەرێمی و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پابەندییەکان و فراوانکردنی بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان کردەوە.

سەبارەت بە گەشەپێدانی کۆدەنگیی جیهانی و سەقامگیریش، نوێنەری تایبەت دوو پێشنەکاری بۆ نێردەکە خستە روو کە بریتی بوون لە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی نیشتمانی ٢٠١٠ و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ سنوورە ناوخۆییە کێشەلەسەرەکان لە رێگەی "هێزی کاری ئاستبەرز" و لێژنەی ماددەی ٢٣ی شاری کەرکوکەوە. لەمەش زیاتر، یونامی یارمەتی خۆشی لەسەر بابەتە دەستوورییەکان پێشکەش دەکات بە تایبەتیش لەسەر بابەتی هاوبەشبوون لە داهات و یاسای نەوت و غازدا.

سەبارەت بە هاوکاریی هەرێمیش، نوێنەرەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی کردەوە لەسەر بەشداربوون لە بابەتە پڕ تەحەدییەکانی عیراق کە پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی کە لە نێوانیاندا پێشنەکاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان عیراق و کوێتە. ئەو لەمبارەوە وتی "... بۆ گرتنەبەری گفتوگۆ سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە چوونە ناو سنووری یەکتریەوە وەك پاکردنەوەی سنوور لە مین و دابینکردنی ئاسایشی سنوور کە دەبێتە مایەی دەستەبەرکردنی متمانە و هاوکاریی هەرێمی."

سەبارەت بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پابەندییەکانیش، ئەو ئەوەی خستە روو کە نەتەوە یەکگرتووەکان تەرکیز دەکات لەسەر بەرەوپێشبردنی تواناسازیی عیراقی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافە یاسایی و دەستوورییەکانی گشت هاوڵاتیان و هەروەها بە مەبەستی رەخساندنی کەشێکی پڕ لەرێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وەك رێگەیەك بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی متمانە لەو دەزگایانەی کە پەیوەندییان بە دەوری یاساوە هەیە.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئەوەشی خستە روو کە لێکتێگەیشتنی هاوبەشانە بۆ هەر هاوکێشەیەك لە دواڕۆژدا سەبارەت بە بەشداربونی نێونەتەوەیی لەگەڵ عیراق لەسەر ئاشتبونەوە و گەشەپێدان پێویستە رەنگدانەوەی دید و بۆچوونی عیراق خۆی بێت. ئەو لەمبارەوە وتی "هەرچەندە گرنگیی رێکەوتننامەی جیهانی بۆ عیراق تا ئەمڕۆش هەر ماوە بۆ تێکەڵکێشکردنی پێشنەکارە عیراقی و جیهانییەکان بەڵام کاتی دەستپێکردن بە قۆناغی دووەمیش هاتووە کە بریتییە لە تێکهەڵکێشانێکی سروشتیی زیاتر لە گەڵ "پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی" کە تێیدا عیراق خۆی هەر لە ریزی پێشەوە دەمێنێتەوە."

لە کۆتاییشدا، نوێنەری تایبەت ئەوەی دووپاتکردەوە کە "تاوسەندنی ستراتێژییانە" لەم کاتە پڕ تەنگوچەڵەمەیەدا بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتن لە بواری سیاسی و پشتگیریکردنی تەواو لە گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە ببێتە مایەی سوود بۆ هاوڵاتیان لە هاوبەشکاربوون و راوێژکردنی بەردەوام لە گەڵ عیراقییەکاندا هەر بە گرنگترین دەمێنێتەوە.

ئەو بەڕێزە وتیشی " ئێمە سەبارەت بە هەڵسانەوە زۆر جار خەڵکی سادەی عیراق بە تاقیکردنەوەی لیتمۆس دەزانین بەڵام هەرچەندە لەم چەند هەفتەیەی دواییدا من گەیشتمە ئەو باوەرەی کە ئەوانە عیراقیی نائاساییین." زۆرینەی رەها تامەزرۆی ئەوەن کە دیموکراسی رەگ دابکوتێ بەو نیازەی کە بەرەکەی بریتی بێت لە رەخسانی هەلی کار و پاککردنەوەی شەقامەکان و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی سەقامگیری بۆ هاوڵاتییان. ئەو وتی "ئێمەش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەمان ئارەزومان هەیە. من دەتوانم بەڵێنی ئەوەتان پێ بدەم کە ئێمە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم بەرەنگاریی هەرچی لەدەستمان بێت لە مانگەکانی داهاتوو دەیکەین."

## رەمەزان لە عیراقدا



مندالێکی عیراقی کە لە رەمەزاندا پاقلاوە دەکڕێت (وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان / زەید فەهمی)

نوسینی: زەید فەهمی

لەماوەی ١٠ ساڵدا رابردوودا بۆ یەکەمجار هەموو پێکهاتەکانی عیراق مانگی رەمەزانی پیرۆزیان لە یەك رۆژدا دەست پێکرد کە سەرەرای هێنانی خۆشی و بەختیاری و نیشانەدەری جۆرێك لە یەکڕیزی و گیانپەرستیش بوو.

بەهەر حاڵ، ئەم خۆشییە نەبووە هۆی کەمکردنەوەی هەوڵی



شت کرینی دواچرکەی پێش ڕۆژووشکاندن (وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان / زەید فەهمی)

ڕۆژانەی زۆربەی عێراقییەکان. لەمبارەوە پارێزەرێکی عێراقی بە ناوی سەلاح عەبدولکەریم وتی " تا ئێستاش خەڵک بەدەست کەم ئاوی و بێ کارەبایی و نەبوونی خزمەتە بنەڕەتییەکان و لەرزۆکیی دۆخی ئاسایشەوە دەناڵێنن بەڵام هێشتاش پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەین."

هەرچەندە ئەبو عەلاش کە لە ڕۆژهەڵاتی بەغداد خاوەنی پێشانگای ئۆتۆمۆبیلە باوەڕی بە گیانپەرستیی ئەو مانگە پیرۆزە هەیە و بەڵام هێشتاش گلەیی لە کەمبوونی کار و دواییش کەمبونی داهاتی خۆی و کڕیارەکانی دەکات. ئەو لەمبارەوە وتی "ئێستا کارەکەمان خەریکە بەرەو وەستان دەچێت چونکە کاتی ڕۆژووشکاندن هاوکاتە لەگەڵ کاتی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێلدا."

چەند کەسێکی تری وەك موستەفا ئیبراهیمیش کە خاوەنی چێشتخانەیە لە ناوشاری بەغداد لەگەڵ ئەبو عەلا هاوڕایە و دەڵێ "لە مانگی ڕەمەزاندا خەڵکێکی زۆر کەم بۆ چێشتخانە دێن و ئەوان ڕۆژووەکانیان لە ماڵەوە لە گەڵ خێزانەکانیان دەشکێنن و هەر بۆیەش تێکرایی کڕین و فرۆشتن بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر دادەبەزێت."

ئەگەر هەندێ ئیش بەدەست کزییەوە بناڵێنن ئەوە هەندێکی تر بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو برەو پەیدا دەکەن وەك کافتیریاکان کە تێیاندا دوای ڕۆژووشکاندن خەڵکێکی زۆر کۆدەبنەوە و خۆیان بە خواردنەوە و یاریی فۆلکلۆری و نێرگەلەکێشانەوە خەریك دەکەن.

خاوەن دوکانێکی شیرینەمەنیش وتی "زۆربەی قازانجی ئێمە لە ڕەمەزاندایە".شایانی باسیشە دوای ڕۆژووشکاندن شیرینەمەنییەکان بە پلەی یەکەم دێن چونکە دەبنە هۆی ڕێکخستنی ڕێژەی شەکر لە لەشدا.

هەندێ خەڵکیش چ لەبەر هۆی تەندروستی بێت یانیش لە بەر سروشتی کارەکانیان بێت ناتوانن بە درێژایی مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بن. ئەفسەرێکی پۆلیس کە لە بازگەیەکی پشکنین لە تاریك و ڕوونی بەیانییەوە تا ئێوارانێکی درەنگ بە پێوە دەوەستێ وتی کە کارەکەی ئەو پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە. ئەو هەروەها وتی "هەندێ جار تینوێتی و برسیەتی و گەرمای پڕۆکێنەر تووشی سەرسوڕانم دەکەن و بۆیە من هەرگیز ناتوانم بە ڕۆژوو بم چونکە من پێویستە لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکەمدا وریا بم."

کارمەندێکی وەزارەتی نەوتیش بە ناوی نیهال سەعید وتی "من دوو ڕۆژی یەکەم بە ڕۆژوو بوم بەڵام دوایی لە بەر گەرما و تێکچڕمانی قەرەباڵغی و قورسی کارەکەم چ لە ماڵ و چ لە دائیرە گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ناتوانم بە ڕۆژوو بم هەرچەندە زۆریشم پێ ناخۆشە کاتێك دەبینم برادەرانم لێرە بە ڕۆژوون."

## ڕەمەزان لە کەربەلا

نوسینی: هەماهەنگسازی پارێزگا ئەلی کەمونە

پرسەکانی خەڵکی کەربەلا لە مانگی ڕەمەزاندا لە ئی خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق جیا نییە.

لە کاتێکدا ڕۆژنامەنوسێك وتی کە "ڕەمەزان هەلێکە بۆ هەستکردنی مرۆییانە سەبارەت بە ناخۆشییەکان" کەچی مامۆستایەکی قوتابخانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەم مانگە پیرۆزەدا ئەو هەرگیز نایەوێ بیر لە سیاسەت و ئابووری بکاتەوە.

سەرەڕای بەڵێنەکانی وەزارەتی بازرگانی بە دابەشکردنی بەشەخۆراك لەم مانگەدا بەڵام تا ئێستاش بە گوێرەی قسەی ژنێکی ماڵەوە نیگەرانییەکان بە زەقی هەستیان پێ دەکرێت لەو ڕووەی کە "نرخەکان فریون و تائێستاش هیچ وەرنەگیراوە."

کارمەندێکی مەدەنیش هەمان نیگەرانی دەربڕی و وتی "ئێمە سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە سیاسەتوانانی عێراق ڕیزەکانیان یەکبخەن ئەگەرنا عێراق تووشی قەیران دەبێت." ئەو دانیشی بەوە دانا کە هەتا لە ڕەمەزانیشدا کەس ناتوانێ خۆی لە سیاسەت و ئابووری بدزێتەوە و وتیشی "سیاسەت بووەتە بەشێك لە هەمو شتێك هەتا لە پاڕانەوەکانیشماندا" و ئاماژەشی بەوە کرد کە عێراقییەکان هێشتا تازیەباری سەدان قوربانیی دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان.

## دەبا لە ڕۆژی جیهانی مرۆیی هەوڵەکانمان دووقات بکەین بۆ هەڵسانەوە و ئاوەدانکردنەوە

نوسینی: د. نەعیمە ئەلقەسیر

ئەمڕۆ جیهان یادی ڕۆژی جیهانی مرۆیی دەکاتەوە.

ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆی تەرخان کرد بۆ تیشکخستنەسەر دۆخی مرۆیی لە جیهاندا لەگەڵ بەرزراگرتنی یادی ئەوانەش کە لە کاتی پێشکەشکردنی کۆمەکە مرۆییەکان بۆ

لێقەوماوان گیانی خۆیان کردە قوربانی.

ئەم "رۆژ"ە گرنگیی یارمەتیدانی داماوان و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ چینە هەرە هەژارەکان و پەرەپێدان و بەهێزکردنی پرەنسیپە مرۆییەکانمان بیر دەخاتەوە لەگەڵ بیرهێنانەوەی ئەوپەڕی سوودوەرگرتنیش لە بەکارهێنانی چەمکەکان لە کارە مرۆییەکاندا.

ئێستا عیراق لە دووڕیانێکی پڕ ئاستەنگە و هەر ئەویش وەك گەل و کۆمەڵگە بڕیار لەسەر هەڵسانەوە و ئاوەدانکردنەوەکەی دەدات.

بەم شێوەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێکی مرۆیی جۆراوجۆر کار دەکات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە مرۆییەکان و بەهاناوەچوونی پێویستییە کتوپڕەکان لەگەڵ دڵنیابوونیش لەوەی کە خزمەتە بنەڕەتییەکانی وەك ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و خۆراك و کارکردن و ڕەخساندنی هەلی کار و وشیاریی هەژاری بۆ هەموو عیراقییەکان بەردەستن.

ئەم "رۆژ"ە هاوزەمانە لەگەڵ ساڵیادی تەقینەوە کارەساتبارەکەی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ٢٢ لە برادەرانمان کە لەنێوانیاندا نوێنەری ئەوسای تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سێرجیۆ دی ملیۆ و گەورە بەرپرسی کارمەندان نادیە یونسی تێدا بوون.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان هەرگیز عیراقی جێنەهێشت و لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتە مرۆییە کتوپڕەکان بۆ خەڵکە زۆر پێویست و هەژارەکان کارمەندە پابەندەکانی کان لە عیراق مانەوە.

لەم "رۆژ"ەدا داوا لە گشت لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین کە بەشداری لەو هەوڵانە بکەن کە دەدرێن بۆ بەردەوامبون لەسەر ئەو سەفەرەی دەستمان پێکردوە بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە هەر منداڵە عیراقییەك پشکی خۆی لە فێربوون و بە یاریکردنی پرئارام لەگەڵ منداڵاندا وەرگرتووە و خزمەتە تەندروستییەکانیش بۆ هەر ژنێکی ئەم وڵاتە فەراهەم بووە و مافی بەشداربونیشی لە هێزی کار و پرۆسەی سیاسیشدا دەستەبەر کراوە و هەرپیاوێکیش بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی بە شێوەیەکی سەربەرزانە و شکۆمەندانە مافی کارکردنی هەیە و هەر گەنجێکیش دەتوانێ خەونەکانی بهێنێتە دی و هەر بەساڵاچوویەکیش پیرییەکەی بە ئارامی دەگوزەرێنێ.

پەیامەکەی ئەمڕۆشمان جەخت لەسەر پێویستبونی سەرخستن و بەراستیکردنی ئەم کارە دەکاتەوە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ عیراقییەکان و عەرەبەکان و تەواوی جیهان.

د. نەعیمە ئەلقەسیر کە بە رەچەڵەك خەڵکی وڵاتی بەحرێنە ئێستاش شان بە شانی کارەکەی وەك بەرپرسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عیراق هەماهەنگسازی مرۆییشە.

# دیمەنی ڕاگەیاندنی لەگۆڕانی عیراق

## یەکگرتنەوە لە دۆخێکی دژواردا

نوسینی : جاك سوتون و سەلام عەبدولمونعیم

کەرتی ڕاگەیاندن لە عیراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە گشت بوارەکانی هەواڵ و پێدانی زانیاری هەر لە چاپکردن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (چ ناوخۆیی و چ سەتەلایت) تا دەگاتە تەکنۆلۆژیای تازەی وەك ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە فراوانییەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. کەرتەکە خۆشی چالاك و ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەڵگری ژمارەیەکی یەکجار زۆری هەل و ئاستەنگە کە مافی خۆتێهەڵقورتاندنی پێ دەدەن لە بوارەکانی چاکسازیی یاسایی ڕێکاری و گەشەپێدانی دامودەزگایی و تواناسازییەکی شارەزایانە کە لەسەر بنەمای لێکنزیکبونەوەی شێوازەکانی کارکردن و بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دامەزرابێت. بە گوێرەی زانیارییە بەردەستەکانیش، عیراقییەکان لە ڕاگەیاندندا بەکاربەری زیرەك و بەئەزموونن بە تایبەتیش لە بواری تەلەفزیۆن و هەروەك چۆن زیرەکیشن لە کاری پروپاگەندە و لەو باوەڕشدان کە ڕاگەیاندن دەورێکی گرنگی هەیە لە بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی و پاڵپشتیکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا.

لە ڕاستیدا عیراق لە ناوچەکەدا تاکە کە ڕێکخەرێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و یەکگرتووی هەبێت کە ئەوەش وەك بەشدارێکی سەرەکی لە ستراتیژی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ پشتگیریکردن لە ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری درێژخایەندا. "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان"یش لەسەر شێوازی (OFCOM)ی بەریتانی و بە پێی فەرمانێك لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا بە مەبەستی ڕێکخستنی ناوەرۆك و ڕێپێدان بە پەخشی ڕاگەیاندن و تەلەفۆنی مۆبایل و تەرخانکردنی شەپۆل.

هەرچەندە ئەو شێوازە یەکگرتووە بۆ ڕاگەیاندنی هاوچەرخ لەبارە بەڵام پرۆسەی تواناسازیی دەزگایی و گەشەپێدان لە لایەن عیراقەوە پشتگوێ خرابوو، بۆیە "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان"یش لەهەوڵی پێداگرتنە لەسەر ئەرکە پێسپێردراوەکەی. لە ڕاستیدا ئەو کۆمیتەیە لە هەرێمی کوردستان هیچ بوونێکی ڕاستەقینەی نییە کە لەوێدا ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی پەیوەندییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن. لەمەش زیاتر، لەم ١٨ مانگەی ڕابردووشدا ئەو هەرێمە بێ بەڕێوەبەری تەنفیزی بووە و هەر بۆیەش بەرپرسە تازەکە داوای پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە بۆ ئەوەی ئەو کۆمیتەیە بتوانێ دەوری ڕاستەقینەی لە بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی ئابووریدا ببینێ بە ڕێکخستنی ڕاگەیاندنیشەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

لە لایەکی تریشەوە، قسەکردن بەمۆبایل بووەتە داینەمۆی بەڕێوەبردنی بەشدارانە و ئەم پەرەسەندنەش لە ڕاپۆرتی ئەم دواییەدا جەختی لەسەر کراوە کە ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ لە ساڵی ٢٠١١دا بەکارهێنانی مۆبایل بۆ پێدانی زانیاری لە تەواوی خوارووودا پێش لە تەلەفزیۆن بڕێتەوە. پێش مانگی ئایاری ٢٠٠٣ تەنها دەستەبژێرێکی کەم لە خەڵکی عیراق مۆبایلیان هەبوو کەچی لە

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا دەبینین ڕێژەی بەشداران بۆ هەر ٣ کۆمپانیا نیشتمانییەکە دەگاتە نزیکەی ١٨ ملیۆن و کەرتەکە خۆشی ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی دەگاتە ٣٥٪ کە لە ناوچەکەدا بە بەرزترین ڕێژە هەژمار دەکرێت. ئێستا ڕێکخراوی (UNDP) سەرقاڵی ئەنجامدانی رووپێوێکە لەسەر بەکارهێنانی موبایل لە عیراقدا و ئەگەری ئەوەش هەیە کە عیراق وەك هەر وڵاتێکی دوای شەڕ بە بازاڕێکی گەرموگوڕ بۆ ئەم ئامێرە تازەیە دابنێ.

تێگەیشتن سەبارەت بە کەشی ڕاگەیاندنی لەگۆڕاندا لە هیچ شوێنێك بەقەد عیراق بوونی نییە کە لەوێدا نوسینەکەی سەلام پاکس بە ناوی "رائید لە کوێیە؟" بووە مایەی سەرنجی ڕاگەیاندنەکان چ لە کات و چ لە دوای داگیرکردنی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا و هەروەك چۆن بووە مایەی گۆڕینی شێوازی کۆنانەی بەڕێوەبردنی ژوورەهەواڵەکانیش لەسەرتاسەری جیهاندا. لەمەش زیاتر، بە هۆی ئەو وێنانەی کە بە مۆبایل گیرابوون بارودۆخی بەندیخانەی ئەبو غرێب پەردەی لەسەر هەڵماڵدرا و بە هۆی ئەنتەرنێتیشەوە بە هەموو جیهاندا بڵاو کرایەوە. ڕێکخراوە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی وەك جەزیرە و( سی ئێن ئێن) و (بی بی سی)ش لەوکاتەوە شێوازێکی تازەیان بۆ وەرگرتنی وێنەی خاو لە مۆبایلەو داهێنا کە ئەوکاتە بە گوێرەی پێوەرکانی پەیوەست بە سەردێرەوە بەکارخرابوون.

تا ئێستاش ڕێژەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لە عیراقدا لە نێوان ١-٣٪ دایە و خزمەتی ئەنتەرنێتیش تەنها بە زۆری دەستەبژێر و تەکنولۆژیای شاری گرتۆتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی "نەخشەی جیهانی نووسراوە عەرەبییەکان" ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، کە لە لایەن زانکۆی هارڤێردەوە دەرکراوە، نووسەرە عیراقییەکان بە زۆری وەك "نووسەری پرد"ن کە بریتین لە چەند عەرەبێك کە وەك وەرگێڕ لە کۆمەڵگاکانیان دەنووسن و تێکەڵ بە سیاسەت ناوخۆیی بوون و کەمتریش بایەخیان بە دروستکردنی پرد داوە لەگەڵ خەڵکی ڕۆژئاوا بەڵکوو خۆیان تەنها بە چەند ماڵپەرێکی جیهانی وەك یوتیوب و ویکیپیدیاوە بەستۆتەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩شدا هەردوو ڕێکخراوی (UNDP) و (UNESCO) ڕاپۆرتێکیان لەسەر دۆخی ڕاگەیاندن و تەلەفۆن و ئەنتەرنێت لە عیراق بڵاوکردەوە لەگەڵ خستنەرووی چەند ڕاسپاردەیەکیش بۆ خاوەن پشکەکان. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، یاسایەکی تازە گەڵاڵەکراوە کە هەموو مافەکانی ڕێکخستن دەخاتەوە بەردەستی بەشێکی تایبەتی حکومەت کە ئەویش یان "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی" هەڵدەوشێنێتەوە و یانیش لاوازی دەکات و بەمەش مافی دەستبەسەرداگرتنی بواری پەیوەندی و ڕاگەیاندن بە حکومەت دەدات. لە لایەکی تریشەوە، گۆڕانکاری بۆ "تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراق"یش پێشنیار کراوە کە بتوانێ لە رووی ڕێکخستنەوە وەك "دەستەیەکی ڕاگەیاندن" کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بکات و وەزارەتی ڕۆشنبیریش سەرلەنوێ دابمەزرێنێتەوە لە کاتێکدا داهاتی تەلەفۆنیش بۆ وەزارەتی پەیوەندییەکان بگەڕێتەوە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە بۆ ڕێزگرتن لە دەزگایەکە و بەهاکانی لە گەشەپێدانی کەرتێکی پەیوەندیی سەربەخۆ کە بتوانێ پێویستییەکانی گشت عیراقییەکان دابین بکات هەر لە بەکاربەرانی مۆبایلەوە تا دەگاتە وەرگرانی هەواڵ، "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی" پێویستە بخرێتەو ناو وێژدانی نیشتمانی و سیاسییەوە. پێشتریش گفتوگۆ هەبووە لەسەر بەدەزگاییکردنی "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی" و خاوندارێتی نیشتمانی. یەك لە هەنگاوە لەپێشەکانیش بریتییە لە دەستنیشانکردنی پێویستییە دەزگاییەکان لەگەڵ دەرخستنی کەموکوڕی لە تواناکاندا و تێڕوانینی لایەنە بەشدارەکان بۆ "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی." شایانی باسیشە، هەنگاوەکان بۆ وەدەستهێنانی ڕێپێدان بۆ دەستپێکردن بەم پرۆسانە هەر پێشتریش نرابوون.

## پاراستنی ڕۆژنامەنوسان و چاودێریکردنی چاپەمەنی بە دزی؟

لەم کۆبونەوانەی دواییشی کە لەگەڵ بەڕێوەبەری تەنفیزیی تازە دامەزراوی "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی"دا، ڕێکخراوی (UNDP) لەگەڵ بەشدارانی لە هەردوو ڕێکخراوی (UNAMI) و (UNESCO) پشتگیری خۆی بۆ ڕێکخەرێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو و "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی" تازە کردەوە.

ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و "کۆمیتەی ڕاگەیاندن و پەیوەندی" ئێستا سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ زنجیرەیەك چالاکی بۆ پێداچوونەوە بە چەند یاسایەکی ڕاگەیاندندا لە پێناو شارەزایی دەزگایی و ڕاوێژ لەسەر یاسای ڕاگەیاندن بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕێکخەری یەکگرتووی پێشەنگی وڵاتەکە. یەکەم چالاکیش بریتی دەبێت لە کردنەوەی گفتوگۆ لەسەر گەڵاڵە یاسای ڕۆژنامەگەری.

ئەم گەڵاڵە یاسایە داوا لە حکومەت دەکات کە هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنوسان پێك بهێنێت و پێناسەی ڕۆژنامەنوسیش بۆ ئەندامانی "یەکیەتی ڕۆژنامەنوسانی عیراق" سنووردار بکات. لە لایەکی تریشەوە، ئەم ڕەشنوسی یاسایە بووەتە مایەی دروستکردنی گفتوگۆی چڕوپڕ نەك تەنها لە ناو ڕۆژنامەنوساندا بەڵکوو تەنانەت لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشدا سەبارەت بە دەوری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان لە کۆمەڵگەی عیراقیدا.

شایانی باسیشە کە لە مانگی تشرینی یەکەمدا نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری بۆ ئەم گفتوگۆیە فەراهەم دەکات لە ڕێگەی ڕێکخستنی زنجیرەیەك کۆبوونەوە بۆ گشت پەیوەندارانی یاسایەکە سەبارەت بە دەوری ڕێکخەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و بڕگەکانی پەیوەست بە ئازادی و زانیاری و پاراستنی داتا و تایبەتمەندێتی کە تا ئێستا نە لە یاسای عیراقی و نە لە دەستووریشدا پێناسە نەکراوون.

# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق یادی رۆژی مرۆیی جیهانی دەکاتەوە



کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە بەغداد سەبارەت بە رۆژی مرۆیی جیهانییەوە (نەتەوە یەکگرتووەکان / وێنە: سەرمەد ئەلسافی)

<u>نوسینی رەندە جەمال</u>

ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨دا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگیی یارمەتی مرۆیی رۆژی ١٩ی ئابی هەر ساڵێکی تەرخانکرد بۆ بەرزراگرتنی سەرجەم کارە مرۆییەکانی سەرتاسەری جیهان کە لە ناویشیاندا ئەوانەن کە لە کاتی گەیاندنی یارمەتییەکان بۆ خەڵکە هەژار و لێقەوماوەکان گیانی خۆیان بەخت کردوە. لەمەش زیاتر، یادکردنەوەی ئەم رۆژە مانای زیادبونی وشیاریشە سەبارەت بە چالاکییەکانی یارمەتییە مرۆییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا.

رۆژی جیهانی مرۆیی کە رێکەوتی ١٩ ئاب دەکات هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی تەقینەوەکەی ساڵی ٢٠٠٣ی ئوتێل کەناڵی بەغداد کە بووە مایەی گیانلەدەستدانی ٢٢ کارمەند بە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سێرجیۆ دی ملیۆشەوە، لەگەڵ بریندارکردنی چەندانی تر.

هەر نیو کاتژمێریش دوای یەکەم یادکردنەوەی رۆژی جیهانی مرۆییش لە بەغداد توندوتیژییەکی کەموێنە روویدا. شایانی باسیشە، لە مانگی شوباتی ٢٠٠٨یشەوە ئەو تەقینەوانە بەو ئاستە فراوان و پرهەماهەنگەیان بە خوێناویترین هەژمار دەکرێن. هێشتاش ئەم دۆخە ترسناکە نەبووە بەربەست لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کە تێیدا سەرۆکی ئاژانسەکان مافی ئەوەیان پێدرا سەبارەت بە کارەکانیان بدوێن و یارمەتییە مرۆییەکانی خۆیان لە سەرتاسەری وڵاتدا بخەنە روو.

لە وتەی دەستپێکە کە شیدا بە رپرسی کاروباری مرۆیی و هەماهەنگسازی نەتەوە یەکگرتووەکان مایك مکدۆنا ئەوەی بە بیر ئامادەبووان هێنایەوە کە سەرەرای ئەو ٢٢ کارمەندەی کە لە تەقینەوەکەی ئوتێل کەناڵی بەغداد گیانیان لەدەستدا، بە درێژای دەیەکانی رابردووش ٧٠٠ کارمەندی مرۆیی تریش بە هۆی توندوتیژییەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بێ سەروشوێن بوون. ئەو زیاتر وتی کە سەرەرای ئەم کارە دڕندانەش "نەتەوە یەکگرتووەکان بێلایەنیی خۆی پاراستووە لە پێشکەشکردنی یارمەتییەکانی بۆ خەڵکی هەژار و لێقەوماو بێگوێدانە تەمەن و رەگەز و ئاینیان."

ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەوری نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە تەرکیزکردن لەسەر زۆر هەژار و زۆر پێویستەکان خۆی دەبینێتەوە بە تایبەتیش ژنان کە بەزۆری بێوەژن و بژێوەدەری ماڵەکانیان. ئەم دەورەش پشت ئەستوورە بە زانیارییەك کە لەسەر ئاستی حکومەتدا و لە سەرتاسەری عیراقدا بە هەوڵی ٥٠٠ کارمەندی ناوخۆییکۆکراوەتەوە (٩٠٪یان لە کارمەندی بواری مرۆیی و هەماهەنگسازی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون ).

ئەو ٣ ملیۆن و نیوە ئاوارە ناوخۆییەی ئەم دواییەش هەر لە ریزی زۆر هە ژارە کان دادە نرێن. بە پرسی کۆمیسیاریای باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانیال ئەندرێس وتی کە گەرانەوەی ئاوارەکان و شادکردنەویان بە کەسوکاریان "بەردی بناغەی هەڵسانەوە و سەقامگیری و پرۆسەی ئاشتبوونەوەی عیراقە." ئەو ئەوەشی خستە روو کە لەم ١٨ مانگەی رابردوودا نزیکەی ٣٤٠٠٠٠ ئاوارە توانیویانە بگەرێنەوە کە ئەمەش بەڵگەی "باشبونی بەرچاوی دۆخەکەیە لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا کە ئەوکات توندوتیژیی و دەرپەراندن بە شێوەیەکی بەرفراوان پیادە دەکرا.

ئەندرێس زیاتریش وتی کە یەك لە هەر چوار عیراقییەك (نزیکەی ٧ ملیۆن ) هەژارە و داهاتی رۆژانەشی لە ٢.٢ دولاری ئەمریکی کەمترە. لەمەش زیاتر، لە ئەنجامی دووقات بوونی نرخی خۆراك لەم ٤ ساڵەی رابردووشدا، نزیکەی ٩٣٠٠٠٠ عیراقی کەوتونەتە بە هەرەشەی کەمخۆراکی کە ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت بە تایبەت لەسەر منداڵانی خوار ٥ ساڵە کە رێژەی بەدخۆراکیان دەگاتە ٢٢٪.

سەرەرای تەرخانکردنی تەواوی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی بۆ دەنگوباسی تەقینەوەکان، کەچی بابەتەکانی وەك گەراوەکان و ژیانوگوزەرانیان و بەربەستەکانی بەردەم ئەوانەش کە دەیانەوێ بەڵام نەك ئێستا بگەرێنەوە تاوتوێ کران.

دوای ئەم چالاکییەکەش، بەرپرسی بەوەکالەتی نوسینگەی پشتگیری مرۆیی و گەشەپێدان خاتو میرنا یاکۆب ئەوەی خستەروو کە چۆن رێکخراوی (WHD ) بۆ پشتگیریکردن لە پێویستییە مرۆییەکان لە عیراقدا سەکۆیەکی بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین کردووە. ئەو (WHD)ی بە هەلێك زانی بۆ ئەوەی بە جیهان نیشان بدات کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکە هەژارەکان چ کراوە.

کەچی هێشتاش گرفتەکان هەر ماون و بارودۆخی ئاسایشیش بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر بەربەستە. شایانی باسیشە، چەندان ساڵی شەر و گەمارۆی ئابووری و هاتنەناوەوەی سوپای بێگانە وڵاتیان کردووەتە کەلاوەیەکی وێران و ئەمەش وا لەسەر رێکخراوەکە و لایەن پەیوەندارەکانی تر پێویست دەکات کە زیاتر لە هەرکاتێك بەرگەگرن. لە راستیشدا یادکردنەوەی رۆژی جیهانی مرۆیی لە بەغداد مکوربون و سووربونی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکە پێسپێردراوەکەی لە پێناو هێنانە دی عیراقێکی ئارام و جێگیر و بەهاناوەچوونی ئەوانەی زۆر هەژار و پێویستن بێ گوێدانە بارودۆخەکان نیشان دەدات.

## نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد شەشەمین ساڵیادی تەقینەوەکەی ئوتێل کەناڵی بەغداد لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٣دا بەرز رادەگرێت














# قەڵای هەولێر



قەڵای هەولێر (نەتەوە یەکگرتووەکان / وێنە ئیحسان بەرزنجی)

نوسینی: ئیحسان بەرزنجی

قەڵای هەولێر کە ڕووبەرەکەی ۱۰۲۱۹۰ مەتر دووجا و چێوەکەی ۱.۵ کیلۆمەتر و بەرزییەکەی لە سەر ئاستی دەریا ٤١٥ مەترە بریتییە لە چەند چینە خۆڵێك کە بە درێژایی مێژوو کەوتونەتە سەر یەك. ئەم قەڵایە کە لە ناوەڕاستی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەڵکەوتوە بووەتە کۆگایەکی مێژوویی. هەندێك مێژونوسان لەو باوەڕەدان کە ئەم قەڵا ۸۰۰۰ ساڵەیە بریتی یە لە گردێکی دەسکرد کە لەلایەن چەندان شارستانی وەك ئاشورییەکان و ئەکەدییەکان و بابلیەکانەوە دروستکراوە.شایانی باسە، ئەم قەڵایە بە کۆنترین نشینگەی بەردەوامی سەر رووی زەوی دادەنرێت.

ئەو قەڵایە ۳ دەروازەی هەبووە یەکێکیان لە باکوور و یەکێکیشیان لە باشوور و ئەوی تریشیان لە ڕۆژئاوا. بە گوێرەی ڕای هەندێك لە مێژونوسانیش، ئەم قەڵایە پێشتر بەرزتر بووە بەڵام لە ساڵی ۲۱٦ی زاینی ئیمبراتۆری ڕۆمانی بە ناوی کراکلا بەمەبەستی دەرهێنانی ئێسکوپروسکی پاشایەکانی فۆرثییەکان ئەو گردەی تێکداوە.

بەم جۆرە ئەم قەڵایە لەبەر گرنگییەکەی لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی یونیسکۆ و سندوقی شوێنەواری جیهانیی ئەمریکییەوە بە یەکێك لە ۱۰۰ شوێنەوارە جیهانییەکان هەژمار کرا کە پێویستە



دیمەنێکی تری قەڵای هەولێر لە لای ڕاستەوە (نەتەوە یەکگرتووەکان / وێنە ئیحسان بەرزنجی)

لەبەر ڕۆشنایی کەلتوری مرۆیی بپارێزرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕێکخراوی یونیسکو و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۷یادداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لە عەمانی پایتەختی ئەردەن مۆر کرد. بە پێی ئەو یادداشتە، ڕێکخراوی یونیسکۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەسەر بوژانەوەی قەڵای هەولێر بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە شوێنەوارە جیهانییەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی دانیشتوی ناو قەڵای بە قەرەبوکردنەوە بۆ شوێنێکی تازە گواستەوە بۆ ئەوەی شوێنەکە بە تەواوی بۆ کارەکانی یونیسکۆ ئامادە بێت. شایانی باسیشە، ئێستا چوونە سەر قەڵا و گەڕان بە ناو شوێنەوارەکانیدا بۆ خەڵکی ئاسایی قەدەغەیە.

لە ناو قەڵای هەولێردا مۆزەخانەیەك هەیە کە هەڵگری سەدان بەرهەمی کۆن و دەسترەنگینییەکانی کوردە و نیشاندەری ژیانی کوردەکانیشە لە سەدەکانی رابردوودا. شایانی باسە کە تا ساڵی حەفتاکانیش قەڵا بە چەند دوکان و بازاڕ دەور درابوو کە دوایی لابران. بە گوێرەی ماستەرپلانی تازەی هەولێریش، چۆلکردنی دەورویشتی قەڵا چەند کیلۆمەترێك دەگرێتەوە.

لەمبارەوە پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی وتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییە ویستی قەڵای هەولێر بپارێزێ و لەسەر شێوازە کۆنەکەی نوژەنی بکاتەوە بە شێوەیەك کە زیاتر نیشاندەری



قەڵای هەولێر لە لای چەپەوە (نەتەوە یەکگرتووەکان / وێنە ئیحسان بەرزنجی)

دیمەن و ڕوخساری کوردی بێت. دوای مۆرکردنی یادداشتی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وڕێکخراوی یونیسکۆش حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا و کاری نۆژەنکردنەوەش تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە."

لە ساڵی ۲۰۰۸یشدا ڕێکخراوی یونیسکۆ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە "لێژنەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر" نوێنەرایەتی دەکرد یادداشتەکەی پێشوویان هەموارکرد. ئەو گوژمە تازەیەی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئەم پرۆژەیە دابین دەکرێت بریتییە لە ۱٤۷٥۰۰۰ دۆلاری ئەمریکی.

# ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا کاران

## چالاکییەکانی کەرتەکان- ئابی ٢٠٠٩

- بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی H1N1ی ئەنفلەوەنزای بەراز، "تیمی دەرەنجامی کەرتی تەندروستی" ( لە ڕێگەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە) و وەزارەتی تەندروستی پرۆسەی پشکنین و شیاریی تەندروستی بەڕێوەبردنی گونجاوی دۆخەکەیان چرکردەوە. وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە یارمەتیی ڕێکخراوی یونیسێف چەند نمایشێکی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییان لەسەر ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی H1N1ی ئەنفلەوەنزای بەراز بۆ بڵاوکردنەوەی گشتی ئامادە کردووە. لە لایەکی ترەوە، "سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان"یش بەشەکانی "پرۆژەی وریای منداڵبونی کتوپڕی" خستە بەردەستی حکومەتی عیراق. نۆژەنکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو بەشە لەدایکبونانەی کە درابوونە ٢٤ نەخۆشخانە و ٧ مەڵبەندی تەندروستی کە توانای پێشکەشکردنی خزمەتیان بۆ ٤ ملیۆن ئافرەتی عیراقی هەیە.

- خولێکی ڕاهێنانی ٥ ڕۆژی لەسەر پلاندانانی خێزانی بۆ ٣٠ پزیشك و پەرستیار لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە لە خەستەخانەی ئەلیەرموك ڕێکخرا.

- نوێنەری "تیمی بەڕێوەبردنی زانیاریی داهێنان"ی ڕێکخراوی (یونیسێف)یش لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەڕێوەبەری زانیاری تکنۆلۆژی لە وەزارەتی پەروەردە لە جیاتی "تیمی دەرەنجامی کەرتی پەروەردە" سەبارەت بە ڕێگایەکانی باشکردنی پەیوەندی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی وەزارەت و کۆمەڵگاکانیاندا کۆبۆوە.

- "تیمی کەرتی جێنشینکردن لە ڕێگەی ڕێکخراوی (هابیتات)ەوە سەکۆیەکاریکی بۆ پلاندانەرانی وەزارەتی کاروباری شارەوانییەکان ساز کرد کە تێیدا بەڕێوەبەری گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پلاندانانی شار و شارەزایانی تایبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربون و لە ئەنجامیشدا کارنامەیەك بۆ ڕاهێنانی دادێی پلاندانەران و ئەندازیاران لە پێناو باشکردنی توانای ڕاهێنەران بۆ بەرپرسیارییەکانی پلاندانانی شار لەناو وزارەتدا ئامادە کرا.

- هەر لە هەرێمی کوردستان، "تیمی کەرتی ئاو و ئاوەڕو" لە ڕێگەی ڕێکخراوی (یونۆپس)ەوە پەرەی بە کارەکانی دا بۆ بۆژانەوەی تۆڕی ئاو بە ڕاهێنانی کارمەندان لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نەخشەسازیی تۆڕی ئاوەوە هەیە لەگەڵ ڕاهێنان لەسەر پاراستن و بەڕێوەبردن . لە لایەکی تریشەوە، ڕێکخراوی (یونیسکۆ) "لێژنەی ئاراستەکردنی پرۆژە" بۆ "دەستپێشخەری کاریز لەسەر کاراکردنەوەی کۆمەڵگا"ی پێکهینا کە نوێنەرانی وەزارەتە سەرەکییەکان و شارەزایانی ڕێکخراوی کاریزی نێودەوڵەتی لە خۆدەگرێت.

- پرۆژەی "پشتگیری یاسا و دادوەری" کە لەلایەن یەکێتیی ئەورووپییەوە داراییەکەی دابینکراوە و لە لایەن ڕێکخراوەکانی (UNDP) و (UNOPS) و هاوبەشکارە خۆجێیەکانیانەوە جێبەجێ دەکرێت خولێکی ڕاهێنانی لەسەر پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن بۆ کارمەندانی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدا. ڕاهێنانەکە جەختی کردە سەر ڕاگەیاندنی گشتی بۆ گەشەدان بە وشیاریی مافی مرۆڤ و بەدەستهێنانی شارەزایی ڕاپۆرتدان و ئامادەکردنی نمایشی هەمەڕاگەیاندن و جێبەجێ کردنی ستراتیژەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

- ڕێکخراوەکانی (یونۆپس) و (تیمی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتی کاری جیهانی) بەشدارییان لە مێزگردێك کرد کە لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر هەڵسەنگاندنی یاسایی ڕێکخرابو. مێزگردەکە گەشەپێدانی پرۆژەی بچووك و مامناوەند و سیستەمی کاریشی لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و شارەزایانی یاسایی تاوتوێ کرد لەگەڵ باسکردنی پێناسەی جۆرەکانی پرۆژەی بچووك و مامناوەند و گەڵاڵەکردنی یاسا و تۆمارکردنی ئاسانکراو و ڕاپۆرتدان و چارەسەری جێگرەوەی کێشە بازرگانییەکانیش.

## گرتە و وتەکان

- بە گوێرەی هەواڵی نینا لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٩دا ئەندام پەرلەمان مەها دوری لە لیستی سەدر دەڵێت "ژووری عەمەلیاتی بەغداد بە دەست نەبوونی زانیاریی و گرژی نێوان وەزارەتەکان و بەرپرسانی ئاسایش و زانیاریی پێچەوانەوە دەناڵێنێ"

- "پێویستە شتەکان وەك خۆیان باس بکرێن و ئێمەش پێویستە خۆمان لە ڕاگەیاندنی گەشبینانە دوور بگرین. پێویستە ڕاستییەکان بە خەڵك بوترێن چونکە خراپی لە بارودۆخی ئاسایشدا هەیە و ڕوژانی داشدێن ڕەنگە خراپتر بن" ئەمە قسەی وەزیری دەرەوەی عیراق وشیار زێبارییە کە لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٩دا بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەری وتووە.

- وتەبێژی بەرەی تەوافوق سەلیم ئەلجبوری بە ماڵپەرەکەیانی وت کە "پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت بێ پەنابردنەبەر چارەسەری سەربازی" و شەڕی تایەفی و نەتەوەییشی بە دوور زانی."

- دوکاندار موزیر حەمید بە ڕۆیتەری وت کە"ئامانجی تەقینەوەکان لەناوبردنی حکومەتەکەی مالیکییە و بەشێکیشن لە گەمەیەکی سیاسی بۆ نیشاندان ئەوەی کە ئەوان بە هێزترینن."

- دوکاندار مازن زەکی بە ڕۆیتەری وت کە"من لەو باوەڕەدام کە هێزەکانی ئەمریکا بۆ شار و شارۆچکەکان دەگەڕێنەوە و من بە هیوام ئەمە بێتە دی چونکە هێزەکانی ناوخۆ هەرگیز ناتوانن خەڵك بپارێزن."

- "من لە خۆم زیاتر بۆ منداڵەکانم بە پەرۆشم و بە کورەکەشم وتووە کە تا هەڵبژاردنەکان تەواو نەبن و بارودۆخەکەش

ئاسایی نەبێتەوە نەچێتە کۆلێژ" ئەمە قسەی خانەنشینێکە بە ناوی جەمال ئەلسەفا کە بە رۆیتەری وتبوو.

- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران خالید ئەلعەتییە بە رۆیتەری وت کە "ئێستا بە بیانووی پاراستنی مافی مرۆڤ و بێ گوێدانە مافی سەدان قوربانی بێتاوان، جۆرێك لە نەرمینواندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکاندا هەیە."
- "من جاران هەموو زەوییەکەم کە بریتییە لە ٤٠٠ ئەیکەر (دەکاتە ١٦٠ هیکتار) بە برنج دادەچاند بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قاتوقڕی ئاو کە چوارەمینساڵییەتی تەنها ٥٠ ئەیکەرمان ( ٢٠ هیکتار) داچاندووە" ئەمە قسەی عەبدوڵڵای تەمەن ٧٨ساڵەی شاری نەجەفە ( رۆیتەر ٣١ ی ئاب).
- "بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەت رەفتار دەکات. ئەم توندییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عەرەبەکان هەرگیز مایەی قبوڵ نییە و بۆیە پێویستە بیر لە شێوازی ئەمنی تر بکەنەوە چونکە عیراقییەکانی ١٥ پارێزگایەکەی تر وا هەست ناکەن کە ئەوان بۆ وڵاتێکی تازە دەچن" ئەمە قسەی ئەندام پەرلەمان وائیل عەبدوللەتیفە ( رۆیتەر ٣٠ ی ئاب).
- سەرۆکی ئاسایشی کوردستان عیسمەت ئەرگوشی وتی "لە راستیدا ئەمانە رێوشوێنی ئاسایین و عیراقییەکانیش پێویستە پێیان خۆش بێت چونکە ئەگەر ئێمە ئەمە نەکەین رۆژانە تەقینەوە لە کوردستان روودەدات" ( رۆیتەر ٣٠ ی ئاب).

**ژمارەکانی رابردوو**

- تەمموز 2009
- حوزەیرانی 2009
- ئەیار 2009

کرتە لێرە بکە بۆ زیاتر ژمارە رابردووەکان

## هەواڵنامەی یونامی

هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات. بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:

unami-information@un.org یان رەندە جەمال jamalr@un.org

سەعید عەریقات - بەرپرسی راگەیاندن/وتەبێژ
arikat@un.org
عەممان: +962 6 550 4700 x2640
بەغداد:+964 79 01 931 281

ئیلیانا نەبعە - جێگری بەرپرسی راگەیاندن/وتەبێژ
nabaa@un.org
عەممان: +962 6 550 4700 x2643
بەغداد: +964 79 01 101 989

رەندا جەماڵ - بەرپرسی راگەیاندن
jamalr@un.org
عەممان: +962 6 550 4700 x2644
بەغداد: +964 79 01 940 146

سالار بریفکانی - دیزان و گرافیك
brifkani@un.org
هەولێر: +964 75 04 498 646